# ڕەنگی زەرد و زێڕین بۆ ئەڵقەی پەنجە





ئەڵقە لە دەست کردنی دەستگیرانداران و هاوسەران، گوزارشت لە خۆشەویستی و پەیوەست بوونی نێوان ئەو دوو کەسە دەکات کە ئەڵقەیان لە پەنجەی یەکتر کردووە و دەیکەن، ئەڵقەش ئەگەرچی کانزایەکی بازنەیی و بچووکە، بەڵام لە مانادا گەورە و شایەنە. ماوە ماوە مۆدێکی تازە لە شێوە و نەخشی ئەڵقەکانی پەنجەی دەست دەردەکەون و شێوازی پێشووی خۆیان ون دەکەن. لە مۆدە تازەکانی ئەڵقەدا، ئەوانەی بۆ وەرزی بەهار دەستنیشانکراون، زیاتر ئەڵقەی ورد و باریکن، تەنانەت ئەوانەی حەز بە ئەڵقەی گەورە و ئەستوور دەکەن، دەتوانن دانەیەکی بە نەخش هەڵبژێرن تا لە دەستیان بە گەورەیی دەربکەوێت. لە زستان و پاییزدا، زیاتر ڕەنگی ڕەساسی و ئەڵماسی بۆ ئەڵقە دیاری کرابوون، بەڵام لە بەهاردا گۆڕانکاری بەسەر ڕەنگی سەرەکی ئەڵقەدا کراوە، کە ئەمجارەیان ڕەنگی زێڕینیان بۆ هەڵبژاردووە، واتە ئەو ڕەنگە لە ڕەنگی زەردی تۆخ و ڕەنگی پرتەقاڵییە، جگە لەوەی ناسکە لە جوانیدا، هەروەها لە پەنجەش جوان دەردەکەوێت و ڕەنگەکەی تۆختر دەبێت لە ڕەنگی پێستی خانمان، بەم چەشنە زیاتر بەرچاو دەکەوێت و ئامانجی خۆی دەپێکێت.







# ئەو بنچینانەی پرچت ڕازاوە و جوان دەکەن



بە هۆی بوونی ئەو هەموو هۆکارە کاریگەرانەی کە پرچی کچان و ئافرەتان تێکدەدەن، یان دەیشێوێنن، دەبێ بنچینەکانی ڕێگری هەبن تا پرچت هەمیشە جوان و نەرم و خاو بکەن، بەتایبەت ئەوانەی قژیان نەرم و ناسکە، زۆر جار بەهۆی ئاوێکی گەرم، یان بایەك تێکدەچێ، یان هەڵدەوەرێت، لێرەوە ئاشنای ئەو بنچینانە بە کە بۆ پرچ بەسوودن:

- دوای ئەوەی پرچت دەشۆیت، گەورەترین هەڵە ئەوەیە کە قژت بە تەڕی بمێنێتەوە، بۆیە ڕاستەوخۆ بە خاولی، یان بە سیشوارکردن وشکی بکەوە.
- پرچت ئامادە بکە، بەر لە هەر خۆ شووشتنێك، تەلەمووەکانی قژت بە شێوەیەکی سرووشتین، پێویستە بە دەست، یان بە شانەیەك خاویان بکەیتەوە، هەروەها هەندێك بەلسم لە پرچت بدەیت تا نەرم ببێتەوە.
- پێویستە جۆری قژت بناسی، هەروەها ئەو جۆرە شامپۆیە هەڵبژێرە کە لەگەڵ پرچت شیاوە، چونکە بەکارهێنانی شامپۆیەکی هەڵە، تەواوی جوانی پرچت دەشێوێنێت.
- کەرەستەکانی نەرمکردنەوەی پرچ، وەك بەلسەم و موکەیف و کرێم، کاریگەریی پۆزەتیڤیان بۆ سەر پرچ هەیە، ماوە ماوە بەکاریان بهێنە و تا پرچت زیاتر خاو و جوانتر دەربکەوێ.
- کاتێك پرچت سیشوار دەکەی، یان بە مجففە وشکی دەکەیتەوە، دەبێ بزانیت چ پلەیەکی گەرمی بۆ پرچت گونجاوە، ئەوەش دەبێ بەپێی تێبینی خۆت بێت کە لە چ پلەیەك زیان بە پرچت دەگەیەنێت و چ پلەیەکیش شیاوە.
- خۆت لە هەوای گەرم و بای وشك بپارێزە، هەوڵبدە بەردەوام ڕەفتەیەکی جوان، یان کلاوێکت لەلا بێت، بەتایبەت ئەو کاتەی دەچیتە دەرەوە بۆ گەشت و گوزار و سەیران، چونکە پرچ بە هەوای گەرم و وشك دەشێوێت.
- زۆر جار خانمان پرژەی بریقەکردن بەکاردەهێنن، ئەوەش جوانییەکی ئەوەندە سرووشتی نابێت، بەڵکو چاکترە ڕۆنی وشك بەکاربهێنێت کە بڕێکی کەمی سیلیکۆنی تێدایە و زیانی بۆ پرچیش نابێت.

# دەستە جلی سپۆرت لەش و لارت ناسکتر دەکات



دەگوترێ ئافرەتان هەردەم هەست بە کەم تەمەن بوونی خۆیان دەکەن، تەنانەت ئەگەر خاوەن منداڵ و نەوەی خۆشیان بن، بەڵام دڵ و هەستیان وەك منداڵێکی بچووك وایە، وەك ئەو بابەتەی لەلایەن گۆڤاری (فرۆیندین)ی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئافرەتان لە دڵەوە ناسکن و حەز بە تەمەن بچووکی خۆیان دەکەن، بۆیە دەبێ ئەو حەزەیان لە دەرەوەش ڕەنگ بداتەوە، تۆی خانمیش ئەگەر جارجارە جلێکی وا لەبەر بکەیت کە کچانی تازە پێگەیشتوو لەبەری دەکەن، شێوە و دیمەنت جوانتر و ڕازاوەتر دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی خولیا و حەزیان بەو جۆرە جل و کەرەستانەیە، یان حەز بەو دەستە جل و پێڵاوانە دەکەن کە بۆ کچە تازە پێگەیشتووانە، بەڵام گرنگە ڕەنگی ئەو پێڵاوە، یان ئەو جلە سپۆرتە لەگەڵ شێوە و کەسایەتیت بگونجێت، ئێستا زۆربەی ئافرەتان جلی سپۆرت و پێڵاوی تەندروستی هەڵدەبژێرن، کە هەم جوانە هەمیش بە سوودە بۆ جەستە، تۆی خانمیش دەتوانی ئەو جۆرە پێڵاوە سپۆرتە، کە بە کالا ناسراوە، لەپێ بکەیت، چونکە مۆدەکانی ئێستای ئەو جۆرە پێڵاوە نەوەك تەنیا بۆ وەرزشکردن بەڵکو بۆ لەپێکردن و چوونە دەرەوە و تەنانەت بۆ زانکۆ و کاتی دەوامیش دەگونجێت، دەتوانی کالا لەگەڵ کاوبۆی جینز و پانتۆڵ لەبەر بکەیت، کە ئەوەش دیمەنێکی ناسك بە لەش و لارت دەبەخشێت.

# باڵەخانەیەک لە شێوەی کۆبڕا

زانست و بواری ئەندازیاری باڵەخانە و خانوو لە جیهاندا بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، جگە لە رووی پێکهاتە و پتەوی بەشەکانی ئەو باڵەخانانە، هەروەها لە رووی رووکەشـەوەش شـێوە و دیکۆری سـەرنجڕاکێش و جوانی پێدەدەن، هەندێکیشیان لە شێوەی ئەندازەیی خۆیان دەردەچن و شێوازێکی دیکەیان بۆ رووپۆش دەکەن، وەك ئەو باڵەخانـەی لە شـێوەی ماری کۆبڕاوە دروسـت کراوە. ئەو پرۆژەیە لە وڵاتی ژاپۆن دروسـت کراوە و لەلایەن هەردوو ئەندازیـاری رووسـی (فاسـلی کلیۆکـن) و ئەندازیارێکی ژاپۆنی (ماکی ئاکنۆری یۆشمیمۆرا)وە سەرپەرشتی ئەو کارە کـراوە. باڵەخانەکـە لە ژێر نـاوی باڵەخانەی کۆبرای ئاسیا (DIG) دروست کراوە، لە شێوەی مارێکی وەستاوی کۆبڕا وایە، باڵەخانەکە نزیکەی (٥٠) مەتر بەرز دەبێت و لە (٣٠) نهۆم پێکهاتووە.







# نمایشی پەیکەرت

پەیکەرتاشی یەکێکە لە هونەرەکانی شێوەکاری و وێنەکێشان، هونەرێکی بە پێزە و زیاتر لە نێو هۆڵ و گەلەرییەکانی نمایش دەکرێـن، ئـەو جـۆرە نمایشـەش چەندیـن پەیکـەری جۆراوجـۆر دادەنرێن، کەچی شـێوەکار و پەیکەرتاشـی بەریتانی (جەیسـۆن دی کرێـس)، بیرۆکەیەکـی دیکەی بۆ نمایشـی پەیکەرتاشـی هەیە، ئەو بیرۆکەیەش جیاوازە لە هەر نمایشێکی دیکەی سەر زەوی، چونکە ئەو نمایشە لە ژێر ئاودا دەکرێتەوە. دوای ئەوەی شێوەکارە بەریتانییەکە، پەیکەرەکانی لەسەر زەوی تەواو کردووە،





# بێڵا نمایشەكارە سەرنجڕاكێشەی جیهان

جوانی رووخسار و شێوەی بەژن و باڵای ئەو كچە نمایشكارە فەڵەستیینیە، هەموو هەوادارانی بواری نمایشكاری بە خۆیەوە سەرقاڵ كردووە، ئەوەی لە نزیك و دوورەوە سەیری بكات، سەرمەستی دەكات. بێڵا حەداد لە باوكێكی فەڵەستینی و دایكێكی ئەمریكی لە دایك بووە و تەمەنی (٢٠) ساڵە و درێژی باڵای دەگاتە (١٨٠) سەنتیمەتر، باوكی ناوی (محەمەد)ە و دكتۆری جوانكارییە، زۆربەی خاوەن هاوپیشەكەی وادەزانن كە بێلا نەشتەرگەری جوانكاری كردووە، بێڵاش ئەو هەواڵە رەت دەكاتەوە و جوانی خۆی بە سرووشتی ناوزەد دەكات بۆیە وا باسی دەكەن، چونكە خۆی بە كچێكی فەڵەستینی دادەنێت، لە دواترین هەواڵی گۆڤاری (STAR)دا هاتووە، كە رووخساری بێڵا پراوپڕە لە نەشتەگەری جوانكاری، ئەو هەواڵەش بێلای بێتاقەت كردووە تا وای لێهات بڕیاری دابوو كە واز لە كاری نمایشكاری جل وبەرگ بهێنێت، بەڵام دواتر خوشێكێكی دیكەی بە ناوی (جیجی)ی ئەویش هاتە ناو بواری نمایشكارییەوە كە هەمان جوانی بێڵای هەیە، بەمەش دەروونی ئارام بۆتەوە و بڕیاری داوە بەردەوام بێت لە كاری نمایشكاری.





## ـــــــاشی لە ژێر ئاودا

ئێستا پەیكەرەكانی بردۆتە ژێر رووبارێك دەكەوێتە كەنداوی (لانزاروتی) لە وڵاتی ئیسپانیا. نمایشەكەی لە شێوەی مووزەخانەیەكی هونەریی وایە، ئەوانەی نیازیان بێت سەردانی ئەو نمایشە بكەن، دەبێ كەرەستەی هەوا هەڵمژین لە خۆیان ببەستن و پاشان سەردانی پیشانگەكەی ژێر ئاوەكە بكەن، ژمارەی پەیكەرەكانی نزیكەی (٤٣) پەیكەری جۆراوجۆر دەبن و زۆربەشیان باس لە نەهامەتی و ژیانی ئەو خەڵكانەی ئێستا دەكات كە لە ژێر باڵی جەنگ و شەڕدا ژیان بەسەر دەبەن.





### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەوڵبدە ژیانت بە سادەیی بەڕێ بکەیت. ڕێگەی داهاتووت هەندێك سەختە، بەڵام ئەگەر بە تەواوی هەوڵی جێبەجێ کردنیان بۆ بدەیت، بە ئاسانی تێپەڕ دەبن، بیروڕای خۆت بە زۆر بە سەر کەسانی دیکەدا مەسەپێنە و هەمیشە لەگەڵ ئەو کەسانە مامەڵە بکە کە ڕاستگۆن و لەبەر چاوانی خۆتن.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

با بڕیارەکانی ژیانت بە دەست خۆتەوە بن و مەهێڵە کەسانی دیکە بەشداری بکەن، دواجار لە هەوڵەکانت پاشگەز بوویتەوە و بووە هۆی ئەوەی زۆربەی هەنگاوەکانت وەستان. زیرەکی و لێهاتوویيت کاری باشی بۆت کردووە، بەڵام ئاگاداری ڕەفتار و قسەکانت بە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

داهاتووت لەگەڵ کەسێکدا بەرەو هەنگاوی باش و چاکتر ڕێگە دەگرێت. ئەو کەسەی لێت نزیکە هەمیشە بەرژەوەندی تۆی دەوێ و تۆش بە هەڵە لێی تێگەیشتی. ئەرکێکت لەسەر شانە و فەرامۆشی مەکە، کەسانێك لە دەوروبەرت ئاشنای دڵت دەبن و تۆش لە گەڵیان هاوسۆز بە.

# نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی و شون







### - نەورۆزی کوردستان

هەموو ساڵێك لە سەرەتای ساڵی تازەی کوردی و ڕۆژی جەژنی نەورۆز، منداڵ و گەنج و پیری کورد بە هەر دوو ڕەگەزەوە خۆیان بۆ ئەو یادە کۆن و دێرینە ئامادە دەکەن. کوردان لە یادکردنەوەی ئەو بۆنەیەدا سەرەڕای چێژوەرگرتن لە دیمەنە ڕەنگینەکانی چیا و دۆڵ و شاخ و سرووشتی کوردستان و پۆشینی جلی ڕەسەنی کوردی بۆ سەیران ڕوو لە هاوینەهەوار و کوێستان و دەشت و سەیرانگەکان دەکەن، هەروەها پەیامی نەورۆزی خۆیان دووپات دەکەنەوە کە ئەویش پەیامی سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردە لە ژێردەستیی ستەمکار و داگیرکەران، ئەمساڵیش جگە لە یادکردنەوەی ئەو بۆنەیەوە، وەك پەیامێك بۆ ناحەزانی گەل و تیرۆریستان، خەڵکی کوردستان یادی نەورۆزی بە خۆشی و شادی کردەوە، ئەمساڵیش لە هەر سێ ڕۆژانی نەورۆزدا، شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان پڕ بوون لە گەنجانی خوێنگەرم و کچانی شۆخ شەنگ و دایکان و پیاوانی کورد، تا لەو ڕۆژانە و ڕۆژانی دواتری نەورۆزدا یادی مێژووی سەربەرزانەی ڕابردوویان بکەنەوە.

### - ئاگری نەورۆز

ڕۆژێك بەر لە ڕۆژی نەورۆز، سەر لە ئێوارەوە لە هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان مەشخەڵی نەورۆز کە سیمبولی سەرکەوتن و خۆشی و سەربەخۆییە لە دەست دەگرن و بەو مەشخەڵە ئاگرێکی گەورە دەکەنەوە، لە هەولێریش لە پارکی شانەدەرەوە، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاو ئاگری نەورۆز لەسەر قەڵا و نێو ئاوی پارکەکە کرایەوە، دواتریش بە ئاهەنگگێڕان و هەڵپەڕکێ لەلایەن خەڵکەوە یادەکە پیرۆزتر کرا، هەروەها لە بەرەکانی جەنگیش پێشمەرگەکانی کوردستان بە یادێکی تایبەت و لە سەر چیایی قەرەچوغ، پەیامی خۆیان بە ئاگری نەورۆز بە تیرۆرستان دا، کە ئەوەی لە کوردستان نزیك بێتەوە و بیەوێت دژایەتی کورد بکات، بەو ئاگرەی نەورۆز دەسووتێندرێن.

### - خەڵکی بیانی و نەورۆز

هەر تەنیا کوردان و خەڵکی کوردستان نین یادی نەورۆز بە هەند وەردەگرن و یادی دەکەنەوە، لە چەند وڵاتی دیکەش بایەخی





### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

مەهێڵە ئارەزووەکانت بە سەر ئامانجەکانتدا زاڵ بن. هەمیشە لە پێناوداهاتوودا کار بکە، ڕۆژانی ڕابردوو لە بیر بکە و گەشبین بەوەی هەتە. ئەو کاتەی بێزاریت و دڵت تەنگە، لەگەڵ ئەو کەسە بە کە هەمیشە لە دڵتە و هاوسۆز و هاوبەشە لە هەموو بوارەکانی ژیانتدا، داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەر کاتێك خۆت بە کارێك خەریك دەکەیت، هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانت فەرامۆش دەکەیت، ئەوەش وایکردووە کە زۆربەی هەڵەکانت لەم ڕووەوە بن. بڕوات بەو کەسانە نەبێت کە ڕووبەڕوو باسی چاکەت دەکەن، ڕەنگە لە پشتەوە وەك ژەهر ناوت بهێنن و متمانەت بە کەسانی نزیکی خۆت هەبێت.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

شێوازی مامەڵە کردنت گونجاوە لەگەڵ کەسانی نزیکت، بەڵام لەگەڵ کەسانی سەر کاردا توندیت پێوە دیارە، هەوڵبدە لە پێوەندییەکانت لەگەڵیان نەرم بیت. ئەو کێشانەی ڕابردووت لە ماوەیەکی کورتدا بەرۆکیان بەردایت، ئەوەی ئێستاش چەند ڕۆژێکی پێویستە، ئارام بگرە و هێمن بە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بیر لەو کەسانە بکەوە کە ماوەیەکە هاوکاریت پێشکەش دەکەن و تۆش رەتیان دەکەیتەوە، نابێ بەم جۆرە وەڵامیان بدەیتەوە، کەسایەتیت جوانە و کەسێکی زیرەکی لە مامەڵەکردن، بەڵام هەندێ جار تووشی هەڵە دەبیت. هاوسەنگیت لە دەست مەدە، کەسێك دڵی تۆی دەوێ، بەڵام بۆ ئەوەی رێگەی بدەی، سەرەتا بیری لێ بکەوە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ماوەیەکە شێوازی مامەڵە کردنت توندە و دەبێ نەرمی بەرامبەر کەسانی نزیکت بنوێنیت، چونکە ئەوان پێویستییان بە تۆیە و تۆش تەنیا خەریکی کاروباری خۆتی. ئەو ئەرکەی لەسەر شانت بوو جێبەجێت کرد و چاوەڕوانی ئەنجامەکان بە، هەستت ناسکە و کەسێکی شیاوی تا لەگەڵ کەسێکدا هاوسۆز بن.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئامانجی داهاتووت دەبێ پێوەندیی بە کەسانی دڵسۆزیشتەوە هەبێت، واتە دەبێ چاوت لە کەسانی دیکەش بێت، بەتایبەت ئەو کەسەی هاوسۆز و هاوکارتن، رێگەیان بۆ ئاسان بکە، چونکە پێویستییان بە هاوکاری تۆیە، کەسانێکی دەوروبەریشت دەیانەوێ نهێنییەکانت بزانن و خۆت لەوە بپارێزە.

# ـــــــاسی سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستان







زۆر بەو یادە دەدەن، بەڵام لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەو یادە تایبەتمەندی خۆی هەیە. لە باشووری کوردستان زۆر جار خەڵکی بیانیش تێکەڵ بەو یادەی پیرۆزەی کوردان دەبن و بۆ ئەو رۆژە دێرینە ئاهەنگ دەگێڕن و جلی کوردیش دەپۆشن، ئەوەتا لە کونسوڵی گشتی کونسولگەری ئەمریکی بە بۆنەی رۆژی نەورۆزە دەستە جلێکی کوردی پۆشییوە و ئاهەنگی گێڕا. (ماتیاس میتمان) و (رۆی پێرین) جێگری کونسوڵی گشتی، بە جل و بەرگی کوردی بەشدارییان لە ئاهەنگی نەورۆزدا کرد، لەلایەکی دیکەوشەوە (مات بێرملەنیك) کە هاوسۆزێکی کوردە و هەموو ساڵێك تاخمە جلێکی کوردی بۆ خۆی و خانەوادەکەی دەکات و لەو رۆژەوە لە بەری دەکەن. خاتوو (تیس ماوردێن)، کە ئافرەتێکی مامۆستایە و ئەویش لەو رۆژەدا جلی کوردی لەبەر دەکات و حەزیش بەو جلەوە دەکات.

**- شایی و هەڵپەڕکێی نەورۆزانە**

شایی و هەڵپەڕکێ و جلی کوردی، سەرەکیترین هەنگاوەکانن کە لەو رۆژەدا لەلایەن خەڵکەوە گرنگی پێدەدرێت. زۆربەی ئەوانەی نیازیان وایە بەشداری لە ئاهەنگەکانی ئەو یادە بکەن، جلی کوردی لەبەر دەکەن و لە هەر شوێنێك شایی و هەڵپەڕکێ هەبێت، بە خۆشی و شادییەوە تیایدا بەشداری دەکەن و دەستی یەکتر دەگرن و چۆپی و گاوانی و بزەی سەر لێویان لە نێو ئاهەنگ و شایی ئەو رۆژەدا رەنگ دەداتەوە، لە ئێوارەی ئەو رۆژەشدا لە بەردەم تیشکی رووناکی ئاگری نەورۆزدا لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زووڕنا هەڵپەڕکێ و شایی دەکەن.

**- گەشت و سەیران**

دوای ئەوەی ئاگری نەورۆز لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی نەورۆز دەکرێتەوە، لە هەر سێ رۆژانی نەورۆز و رۆژانی دواییش، وەرزی گەشت و سەیرانی هاووڵاتیان بۆ دەشت و کێو و دۆڵ و چیا و شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان دەست پێدەکات، کۆمەڵێك خێزان بەیەکەوە دادەنیشن و خواردنی خۆشی کوردەواری دەخۆن و بە گۆرانی و میوزیکی کوردی گەشتەکەیان خۆشتر و بەجۆشتر دەکەن.





### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بروات بە هەنگاوەکانت هەبێت و دوودڵ مەبە لەو کارانەی ئەنجامیان دەدەیت، ئەو ماوەیە کەسانی دەوروبەرت لێت رازی نین و هەست دەکەن کارەکانت فەرامۆش کردووە، کەسێکی نزیکی خۆت دەیەوێ هاوکاریت بکات، تۆش رێگەی نادەیت، بەڵێن بە کەس مەدە کە دڵنیا نیت لەو کارەی جێبەجێ دەکەیت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەو کاتانەی دەتەوێت بڕیارێك بدەیت، هەمیشە راوێژ و پرس بە کەسێك بکە کە جێگەی متمانەتە، نەوەك وەك ئەو کارەی پێشووت لە خۆتەوە ئەنجامتدا و دواتریش بە خراپە بۆت گەڕایەوە. بیر کردنەوەت جوانە و هەوڵبدە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بگونجێیت، زیرەکیت لە کارەکەت بەکاربهێنە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

خۆت ئاڵوودەی کارێك مەکە کە دەزانی بۆت نابێت و سەرناکەویت، ئەگینا دەبێتە کارێکی پێچەوانە بۆت و تا چەند هەوڵی بۆ بدەیت، ناگەیتە ئەنجام، ئەو کەسەی هەمیشە هاوکاریت دەکات، تۆش دەرگای دڵتی بۆ بکەرەوە و هەست و سۆزیشی پێشکەش بکە، بۆ داهاتوو پەلە مەکە.